

# چیرۆکەکانی دادگا

چیرۆکەکانی دادگا ، کۆمەڵە چیرۆکێکی واقیعین لە دادگاکانی کوردستانەوە وەرگیراون ، رۆژنامەنوس ئەرسەلان تۆفیق بە تایبەت بۆ (لڤین)ی ئامادە دەکات

# بۆنی هەناسەکان

## حیکایەتی خێزانێك خۆشەویستی تێیدا یاساغە

(تەنها چاوەکانی سپییان دەکردەوە، ئیتر هەمو گیانی دەتووت مریشکێکی قەڵەوی چەورە و لەفڕنێکدا برژاندووتە، لەسەر قەرەوێڵەی خەستەخانە و لەژێر پەردەکولەیەکدا رەش دەچوویەوە)

چنور: کچێکی نۆزدە ساڵانە و لەپۆلی شەشەمی وێژەیی‌یە...

شوێن:شارێك لە پارێزگای سلێمانی.

کات: هاوینی ساڵی 2004

هۆکاری سوتان: ئاگر لەخۆبەردان لەکاتێکدا لەژێر بارێکی دەروونی زۆر سەختدا بوو...

******

دایکی چنور لە سوچێکی پەردەکەوە دەستی دەبردە ژووریٚ و بەلەفافەکەی دەستی تلۆقەیەکی دەتەقاند و جوان وشکی دەکردەوە و لەفافەکەی دەکردە ئەو تەنەکەخۆڵەی لەپاڵ قەرەوێڵەکەدا دانابوو، دەبوایە رۆژانە دوو سیٚ جار خاڵی بکردایەتەوە... ئەو لە چل ساڵان تێپەڕی کردبوو و گوپەکانی لەرەیان دەهات کە بەڕێگادا دەڕۆیشت، خاڵێك لەسەر یەکێکیان رەش رەشی دەکردەوە و لەسەر چەناگەشی سیٚ دانە لەسەر یەك نەخشێنرابوون... بۆ مانگێك دەچوو لەو خەستەخانەیە بە دیار (چنور)ی کچیەوە بەسترابووەوە و بۆ ساتێك چییە دەرەوەی نەبینیبوو، نازانیٚ ئەودیوی ژوورەکەی چنور چ باسە.. لەسەرەتاوە کە هاتە ئەو قاوشە وای دەزانی لە یەکێك لە کوچە بنبەستەکانی دۆزەخدایە لەبەر بۆنی ئەو هەموو ژنە هەڵپڕووزاوانە، نە نانی بۆ دەخووراو نەخەوی لێدەکەوت و بەقێز و بێزێکەوە قومە ئاوێکی دەخواردەوە.. فرمێسکە گەرم و سوێرەکانی بۆ ساتێك چاوەکانی دایکی چنورییان جێنەدەهێشت بەتایبەت ئەوکاتانەی کە بیری لەقسە خۆشەکانی چنور و لە زەوق و شەوقی ئەو دەکردەوە... چنور دەیویست کۆلێژی ئاداب بەشی مێژوو تەواوبکات و ببێتە مامۆستای مێژوو بەلاٚم دەنکە شقارتەیەك و پێنج لیترییەك نەوت هەموو شتەکانی ئاوەژووکردەوە و خەیاڵپلاٚوییەکانی بە ئاراستەیەکدا برد کە مرۆڤ بەو ئاسانییە نەتوانیٚ سەریان لیٚ دەربکات...

(دایکت بمریٚ رۆڵەگیان) رستەیەك بوو ئەو ژنە چل ساڵانەیە رۆژانە دەیان جار دەیگوتەوە، هەناسە کاڵ و کرچەکانی ئەو ژنە هەریەکەیان بۆنی پەژارەیەکی خێزانە پەژمووردەکەیانی دەدا و هەناسەیەك دەیگووت کە باوك لەڕادەبەدەر توندوتیژی نواند لەبەرامبەر منداڵەکانیدا ئیتر ئاسودەیی و بەختەوەری ئەو ماڵە بەجێدێڵیٚ، ئیدی چۆلەکەی خەنین و تریقانەوە لەسەر گوێسەبانەی ئەو ماڵە ناجریوێنیٚ... هەر ئەو هەناسەیە دەیگوت باوك دنیایەکە لە میهرەبانی، لە چاودێری زارۆکەکانی و چەندان شتی تر، بەلاٚم کە باوك لەتاو مەیخۆری و بەدمەستی نەیپەرژایە سەرخێزانەکەی ئیتر چاوەڕوانی چی لێدەکەیت ؟! هەناسەی دوای ئەو دەیگوت "ژن کە بەرپرسیارێتی ژیان و گوزەرانی خێزانەکەی هەڵگرت و لەژێر پاچەکۆڵە و پەموو چنین و گوڵەبەڕۆژە هەڵبڕیندا دەستە ناسکەکانی قڵیش قڵیش بوون، کە دەستی گرتوەتەوە بۆ پارەی کرێکاری و کە بەتاقی تەنها سواری مەکینەیەکی

کشتوکاڵی بووبەر لە خۆرهەڵاتن و کە تاریکی کرد گەڕایەوە بۆ ماڵ ئیتر کەی دەیپەرژێتە سەر پەروەردەی منداڵەکان و چۆن دەتوانێ لەناویاندا ببێتە سەکۆی میهرەبانی و چەتری کۆکەرەوەی خێزانەکەی ؟!...

هەناسەی سێیەم حیکایەتخوانی منداڵە چەپەڵ و بێ سەرپەرشت و زۆر و بۆرەکانی خێزانێکە کە تێیدا جگە لە زوڵم و زۆر و بێ سۆزی، جگە لەهەرەج و مەرەج و بێگەورەیی، هیچی تر لەو گۆڕەی نییە... کورەکان کە ڕۆژ دەبێتەوە دەرژێنە کۆڵان و بازاڕ و دوکانی سیدی و ڤیدیۆخانەکان و کچانیش لەبەر دەرگا و سەربانەکانەوە چاوبڕکێیانە لەگەڵ کوڕوکاڵ...

(چنور) ئاهێکی ساردی هەڵکێشا بە پێڵوی چاوەکانی کە بە ئەستەم دەکرانەوە ئاماژەی کرد بۆ دایکی کە بە لۆکەیەك لێوە بارگرتوەکانی بۆ پاراو بکات.. دایکی پارچە لۆکەیەکی هەڵگرت و لە تەرمۆزەکە پەرداخەکەی پڕکرد و بەهێواشی کەوتە تەڕکردنی لێوەکانی چنور، بەدەم بەقوربان و بەساقەوە دەیگوت "چنورگیان .. بەساقەت بم.. ڕۆڵەگیان بۆ وات لەخۆت کرد و خۆشت و ئێمەشت گیرۆدەکرد...دایکەگیان...خۆ تۆ هەموو جارێ بە ئێمەت دەگوت ئێوەی نەخوێندەوارەکان نازانن چۆن موشکیلەکانتان دەربڕن و ناشزانن چۆن چارەسەری بکەن... ئەی تۆ بۆ وات کرد بەخۆت دایکەگیان... خۆ تۆ خوێندەوار بوویت..باوکت قسەیەکی کرد قەی چی ئەکا باوکتە... تۆ منالّی ئەوی... تۆ جەرگی ئەوی ... ئەها ئێستا هەموومان لەوە گەیشتووین کە سوتان تامی چی ئەدات....من ئەگەر وەکو تۆم بکردایە دەبوو بیست ساڵ لەمەوبەر خۆم بسوتاندایە و شووم بە باوکت نەکردایە، باوکم و براکانم هەردوو پێیان لێکردمە کەوشێ و گوتیان خوا یەکە و نابێ بە دوو هەرئەبێ شوو بکەی بەو پیاوە، تومەز زانیویانە من دڵم ها بەیەکێکی ترەوە...ڕۆڵە گیان... شووم کرد بەباوکت بەنابەدڵ و ئێستاش ئەوەتا تۆ کچە گەورەمی و جەرگم هەڵئەقرچێنی.. دایکەگیان با کەمێ دانت بەخۆتا بگرتایە، باکەمێ پەڵەت نەکردایە تا من ئەگەیشتمە سەرت و نەمهێشتایە ئاگربەربدەیتە خۆت " دوو دڵۆپ فرمێسك لە چاوەکانی چنوردا قەتیس مان..

سۆران: کوڕێکی پێکەوتەی چوارشانەی شۆفێری تراکتۆری کشتوکاڵییە نزیکەی 25 ساڵانە.

شوێن: گوندێك لەنزیك شارۆچکەکەی (چنور)

کات: هاوینی ساڵی 2003

ئەو بەیانییەی کرێکارەکان لەبەردەم ماڵی سەرکارە ژنەکەدا سواری تراکتۆرەکەی سۆران بوون شتێك بەچپەوە بە کورەکەی دەگوت ئەمڕۆ شتێکی نائاسایی ڕوودەدات... کەسێك دەبینێ کە خۆشیدەوێت، چوون هەر لەخەو هەستابوو چاوەکانی دەفرین و کوردەواریش گوتویانە هەر کەسێك چاوی فڕی کەسێك دەبینێ کە خۆشیدەوێت... لەکاتی نانی چێشتەنگاودا کە کرێکارەکان پێیدەڵێن (نانەدرۆزنە) سۆران و چنور چاویان کەوتە سەر یەك ڕاستەهێڵ و کەمێك لەسەر یەکتری ڕاوەستان... ئیدی هەتا ئێوارێ سۆران بەسەر مەکینەکەیەوە گۆرانی دەچڕی و چنوریش جاربەجارێ سەری بەرزدەکردەوە و نیگایەکی هەڵدەخست دوور دوور...

کەریم: پیاوێ: لە پەنجا ساڵ بەرەوژوورتر

کات: هاوینی 2004

شوێن: هۆڵی دادگا

پیاوێك غەزەب لەنێوچاوانی دەباری، دەتگوت ئەو ئاسمانە ڕووخاوە و ئەم شانیداوەتە بەری، لەڕ و لاوازێك، مووە سپی و ماش و برنجییەکەی تێژتیژ ڕاست وەستابوون دەتگوت ماوەیەکی زۆرە تیغیان بەرنەکەوتووە.کەلەپچەیەك لەهەردوو دەستیدایە و بەهەردوو دەستی جگەرەکەی دەنێت بەلالێوییەوە و مژێکی قوڵ قوڵی لێدەدات و دەیدات بەهەوادا... هێندە نابات دادوەر بانگیدەکات و کەریم جگەرەکەی فڕێ دەدات و پۆلیسێك باڵی دەگرێت و لەگەڵیدا دەچێتە ژووری دادگاوە، دادوەر پێیدەڵێت هەر سووری لەسەر قسەکانی خۆت؟ ئەویش دەڵێت: گەورەم من هەر یەك قسەم کردووە و لەو قسەیەش زیاترم نییە... کێ هەیە بەوە رازی بێ کچەکەی ببینێ لەگەڵ کوڕێکی بێگانەدا قسەبکات ؟! بۆیە منیش ڕازینەبووم و زۆرم لێدا هەتا توانیم... دادوەر دەڵێت: هیچی خراپت لێنەبینین ؟ کەریم دەڵێت: جا لەوە خراپتر چی هەیە گەورەم؟!

دادوەر: ئەو کوڕە دەناسیت ؟ مەبەستم (سۆران عبدالله)یە ؟

کەریم: گەرووم لەوەوپێش نەمناسیوە، بەڵام باوکی مامەی دووجار هاتوون بۆ داوای کچەکەم و نەمداونەتێ .. ئەگینا وەکو ناسین نەخێر...

دادوەر: ئەی بۆچی ڕازینەبوویت کچی بدەیتێ ؟! ئەوەندە کوڕێکی خراپە ؟!

کەریم: بۆ خراپی بڕواناکەم، کەس خراپەی ناڵێت.. بەڵام ئەوەی منی نیگەران کرد کە (چنور)ی نەدەمێ ئەوەبوو دەیانگوت حەزیان لەیەکە و بەیەکەوە دەبینرێن و قسەیان کردووە.

دادوەر: ئەی دەتەوێت بیدەی بەکێ .. دەتەوێ کچەکەت بدەی بەکەسێ کە یەکتریان خۆشنەوێت؟!

کەریم: ئێمە قبوڵی ئەو شتە ناکەین.

دادوەر: ئەی چۆن سۆرانت دۆزییەوە و تەقەت لێکرد ؟!

کەریم: بەیانی بوو ئاگاداربووم بە مەکینەکەیەوە دەڕۆیشت بۆ سەرکار فرسەتم لێهێناو دووردوور دوو فیشەکم پێوەنا...

دادوەر: وەی بەحاڵت ئەگەر ئەو دوو گەنجە گیان لەدەستبدەن... دادوەر زەنگێکی لێدایەوە و بە پۆلیسەکەی گوت بیبەنەوە بۆ زیندان....

******

سۆران لە خەستەخانەی ئیمێرجنسی ڕانی شکاوە و قورساییەکیان بەستووە بە قاچییەوە و لەسەرپشت تەخت کەوتووە و لە خەیاڵی سوتاوییەکەی چنوردایە و زوو زوو لەخوشکەکەی دەپرسێ ئاخۆ هەواڵێکی تازەی نازانێ..

عەشق لەچاوە سەوزباوەکانیدا بڵێسەیان دێت هەناسەکانی ئەویش دەڵێن: من دەمەوێ لەگەڵ چنوردا پێکەوە بمرین ، وەك لە دونیادا نەمانتوانی بگەینە یەك بەڵکو خواگیان بەگەورەیی خۆی بمانبەخشێ و یەکمان بخات... هەناسەی دوای ئەو دەیگوت ئەگەر من کەسێکی خراپەکاربوومایە، کەسێکی خیانەتکار بوومایە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە نیەتی هاوسەرداریم لەگەڵ چنور نەبەستایە لەناو زەوییەکشتوکاڵییەکاندا زۆر شتمان دەکرد بەڵام خوا دەیزانێ دەستنوێژم لێی نەشکاوە...

لە نەخۆشخانەکەی ئەولاترەوە لەژوورێکی تایبەتدا لەسەر قەرەوێڵەیەك چەرچەفێکی سپی دراوە بەسەر لاشەیەکی سوتاودا، لەسەر زەوییەکە ژنێك لە تەمەنی چل ساڵاندایە و سەری ناوە بە قەرەوێڵەیەکەوە و بەکوڵ ئەگری و دەڵێت... دایکەگیان. خوا بە ئازار و عەزابەکانی ئەم ماوەیە بتبەخشێ... خوا سەبەب کارەکەت بگرێ... خوا لە گوناهەکانت خۆشبێ هەرچەندە چاك دەزانم کە بێگوناهی چنور گیان.